# ڕەگەزەکانی دراما لە کۆمەڵە شیعری (ئۆپەریت و پیەس لە یەك پەردەی کورتا ) ی گۆراندا

**کانیاو قادر علی[١]، شەیدا باسم عبدالله[٢]**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شیعری درامی هەڵگری هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعر و ڕەگەز و توخمەکانی درامایە و دەقێکی درامی لە بۆتەیەکی شیعری پێشکەش بە خوێنەران و بینەران دەکات و کار دەکات لەپێناو بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی. پیشاندانی واقیعی کۆمەڵگ بە هەردوو شێوازی (تراژیدی و کۆمیدی) لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم ژانرەیە. ئەم توێژینەوەیە بە سوود وەرگرتن لە میتۆدی ڕەخنەی شیکاری، لێهاتوویی و ئەزموونی شیعری گۆران لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دەخاتەڕوو. گۆران بە سوود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی دراما توانیوویەتی هاوشێوەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە لە بواری ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعریدا کردی، بە هەمانشێوە توانیوویەتی جۆرێك لە شێوازی تری شیعری بهێنێتە ناو ئەدەبی کوردی، کە بە شیعری درامی ناسراوە. بە تایبەت لە کۆمەڵە شیعری، (ئۆپەریت و پیەس لە یەك پەردەی کورتا ) بە شێوازێکی باش ڕەگەزەکانی لە خستنەڕووی دەقە شیعرییەکان بەکارهێناوە ، بە پێی بابەت و شوێنی بەکارهێنانی، چ جۆرێك لە ڕەگەزی دراما پێویست بێت بەکاریهێناوە. واتە لە هەرشوێنێك پێویست بە کام لە ڕەگەزەکانی دراما کرابێت ئەوی کردۆتە بابەتی سەرەکی لە خزمەت پەیام و مەبەستە شیعرییەکانی خۆی بەکاریهێناوە. بە تایبەت ڕەگەزی کەسایەتی شاعیر توانیویەتی تەنانەت ناوی کەسایەتییەکان لەگەڵ ڕۆڵ و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان بگونجێنێت و کەسایەتییەکان ڕەنگدانەوەی ناو کۆمەڵگای کوردی بن. ئەمەش ئامانج و مەبەستی شاعیر دەخاتەڕوو، کە ویستویەتی لە ڕێگەی ئەم ژانرەوە هاوشێوەی ژانرەکانی تری شیعر و ئەدەبی منداڵان...تاد بە شێوازی جیاواز خزمەت بە ئەدەبی کوردی بکات لە هەمانکاتدا لە ڕێگەی پەیامەکانییەوە خەڵك هۆشیار بکاتەوە. هاوشێوەی رەگەزی کەسایەتی شاعیر گرنگی بە رەگەزەکانی تری وەك شوێن، گفتوگۆ، ململانێ، کات داوە هەریەکەیان بە شێوازی جیاواز بەکارهێناون.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعری درامی، ڕەگەزەکانی دراما، شیعری نوێ، گۆران، شیعری شانۆیی

## ١. پێشەکی

شیعر ژانرێکی کراوەیە و خۆگونجاندنی لەگەڵ زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکانی تردا هەیە، دەتوانرێت بە موتوربەکردنی لەگەڵ چەشنە ئەدەبییە جیاوازەکان ژانری تازە بە چەمک و فۆڕمی سەردەمیانە دروست بکات. ئاوێتەکردنی هەردوو ژانری (شیعر و دراما) بووە هۆی لە دایکبوونی چەشنێکی تری شیعر، کە پێی دەوترێت (شیعری درامی، یاخود شیعری شانۆیی). توانا ولێهاتوویی شاعیر لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (ڕەگەزەکانی دراما لە کۆمەڵە شیعری – ئۆپەرێت و پیەس لە یەک پەردەی کورتا- ی گۆراندا ) دەخەینەڕوو.

### ١.١ هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گۆران لە نێو ئەو کۆمەڵە شیعرەدا توانیوویەتی سوود لە ڕەگەزەکانی دراما وەربگرێت و بە شێوازێکی جیاواز لە خزمەت ئەزموونی شیعری بەکاریهێنێت .

### ٣.١ پرسیاری توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەی شیکردنەوەی کۆپلە شیعرەکان وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

١. چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دراما لای گۆران؟
٢. شێوازی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دراما لای گۆران؟
٣. مەبەست لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دراما لای گۆران چیین؟

### ٣.١ میتۆدی توێژینەوە:

بنچینەی ئەم توێژینەوەیە (ڕەگەزەکانی دراما لە کۆمەڵە شیعری -ئۆپەرێت و پیەس لە یەک پەردەی کورتا- ی گۆراندا )، بۆیە پڕاکتیزەکردنی دەقە شیعرییەکان بە پێی میتۆدی ڕەخنەی شیکاری ئەنجامدراوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢١ حوزەیران ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٨ تەمووز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: Kanyaw.qadr@uor.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کانیاو قادر علی، شەیدا باسم عبدالله، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp189-199

### ٤.١ ناوەرۆكی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێكدێت، بەشی تیۆری ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت، (چەمك و زاراوەی شیعری درامی، مێژووی سەرهەڵدانی شیعری درامی لە ئەدەبی كوردیدا، گرنگی و تایبەتمەندی شیعری درامی). بەشی دووەمیش لایەنی پراكتیكی پێكدێت لەم بابەتانە، لەوانە: ( ڕەنگدانەوەی ڕەگەزەكانی دراما لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆكەوە لە كۆمەڵەشیعری پێەس و لەیەک پەردەی كورتای گۆراندا). لە كۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە.

## ٢ .شیعری درامی لە ڕووی چەمك و مێژووی سەرهەڵدانییەوە

### ١.٢ شیعری درامی لە ڕووی زاراوەوە:

شیعر لای مرۆڤ كۆنترین زمانی دەربڕین و ژانری ئەدەبییە، بۆیە دەبینین دراما لە ڕێگەی شیعرەوە لە ناو میللەتاندا بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتی لای گریكە كۆنەكان. شاعیران بە شیعر گوزارشتیان لە خۆیان و كۆمەڵگەیان كردووە. شیعر لە كۆندا بە پێی هونەرەكان بە سەر جۆرەكانی (شیعری لیریكی (ویژدانی- گۆرانی)، شیعری مەلحەمی (داستانی)، شیعری درامی (شانۆیی)، شیعری فێركردن) دابەشكراوە، واتە شیعری درامی وەك یەكێك لە جۆرەكانی شیعر دانراوە، خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و جیای دەكاتەوە لە جۆرەكانی تری شیعر. شیعری درامی جیاوازە لە درامای شیعری، درامای شیعری ئەوەیە درامایەك بە شیعر نووسرابێتەوە، بەڵام شیعری درامی واتە ((تەكنیك و ڕەگەزەكانی دراما لە شیعردا بەرجەستە ببێت. لە دەقێكی شیعردا كەشێكی درامی بخوڵقێنرێت ئەم سوود وەرگرتنە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی شیعر و بەپێزكردنی دەقەكە دەبێت))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٤٠٨). شیعر بە پێی تێپەڕبوونی كات توانیویەتی سوود لە ڕەگەز و بنەماكانی دراما وەربگرێت، بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامی شیعری. لەهەمان كاتدا جۆرێك لە ئیستاتیكا بە دەقی شیعری ببەخشێت و شیعر لە قاڵبی جێگیر و دیاریكراو ڕزگاری ببێت، لە ئەنجامدا چێژ بە خوێنەر و وەرگر بگەیەنێت.

سەبارەت بە زاراوەی دراما بۆ چوون و تێڕوانینی جیاواز هەیە، لەوانە ڕەچەڵەكی وشەی دراما بۆ یۆنانی كۆن دەگەڕێننەوە و لە بنچینەدا لە وشەی (Dramena) هاتووە. مانای (شت، یاخود كەسانێک كاردەكەن) دەگەیەنێت، واتە وشەی دراما لە كاری یۆنانی كۆنەوە وەرگیراوە، بە واتای (كاربكە) ، یاخود واتای كار و ڕووداو دەگەیەنێت(حەسەن، ٢٠٠٤ ، ٣). بە پێی تێپەڕبوونی كات و زۆر بەكارهێنانی لە زماندا وشەكە لە ڕووی پێكهاتنەوە سواوە و كورتكراوەتەوە بۆ وشەی(drama) ، كە واتای (كاركردن) دەدات. بە پێی ئەم واتایەی وشەی دراما بێت، زاراوەی شیعری درامی واتای (شیعری كرداری، یاخود شیعری جووڵە) دەدات. ئەم فرەواتاییەی وشەی دراما شارەزایانی بواری درامای بەخۆیەوە سەرقاڵ كرد و چەندین واتایان بۆ ئەم وشەیە داتاشی هەندێك لە خاوەن بیروڕایان دەڵێن: (( وشەی دراما لە فەرهەنگی كۆنی گریك دوو ڕووی هەبووە، ڕووی یەكەمیان واتای كاری گەیاندووە، ڕووی دووەمیان بە واتای دیتن دێ)) (هەورامی، ٢٠٠١ ،١٠). هاوكات شارەزایەكی تری بواری دراما بۆچوونی وایە ڕەگ و ڕیشەی دراما لە وشەی (drao) وەرگیراوە، كە هاوواتای (جووڵە و كردار، یان كاركردن) دەوەستێت (حسێن و مەولود، ٢٠١٨، ٣٤٩). زۆرینەی بۆچوون و تێڕوانینەكان لە سەر ئەوە هاوڕان كە دراما بە واتای كردار، یاخود جووڵە بەستراوەتەوە. وشەی دراما لە زمانی ئەوروپییەكاندا دەیگەڕێننەوە بۆ بنەچە و ڕەچەڵەكی Etymologyبە مانای كردە (Action) دێ. واتای جۆرە جووڵەیەك دێت، كە تۆقێنەر بێت و هەست و سۆزی خەڵك بجوڵێنێ.( عومەر،٢٠١٢ ،١٢٥). واتە زاراوەی دراما بە شێوەیەكی گشتی بە واتای چالاكی و كاركردن هاتووە، چونكە كار، یان جووڵە بنەمای سەرەكی بنیادنانی درامایە. لە زمانی كوردیشدا شیعری درامی بۆ بەكاردێت، لە ڕووی واتاوە هەمان مەبەست و بۆچوون دەگەیەنێت. بەم شێوەیە شیعری درامی بریتییە لەو جۆرە شیعرەی كە گشت بنەما و ڕەگەزەكانی دراما تێدا پەیڕەو دەكرێت، بەڵام مەرج نییە وەك دراما لە سەر تەختی شانۆ نمایش بكرێت.

### ٢.٢ شیعری درامی لە ڕووی زمانەوانییەوە:

دەستەواژەی شیعری درامی هەروەكو مەبەستەكەی گرێدراوی دوو ژانرە (شیعر و دراما). واتە شیعری درامی دوو هونەری جیاوازی لە دەفرێكدا كۆكردۆتەوە و هونەرێكی تازەی پڕ چالاكی هێناوەتەكایەوە، چونكە ئەم چەمكە تازەیە لە خودی خۆیدا دوو چالاكی پیشان دەدات (دەق) شیعر و (نواندن) شانۆ، كە ((یەكەمیان ئەدەبی هونەرییە، ئەركی خوڵقاندنی چیرۆكە ڕووداوێكە بە تەواوی بەش و كەسایەتییەكانەوە، كە لە چوارچێوەی دەربڕینێكی گونجاوی ئاخاوتندا، لە دیالۆگێک دادەڕێژرێت، و ئەركی نووسەری هونەرمەندە، بەڵام دووەمیان كەسانێک لە دەرهێنەر و ئەكتەر لە ئەستۆی دەگرن و ئەو ئەركە دەخەنە سەر شانیان، كە مەسەلەی كەسایەتییە شانۆییەكان و خوڵقاندنی كەش و چوارچێوەكەی بەرجەستە دەكەن))(عەولا، ٢٠١١، ٢٩) . بەمجۆرە لە ڕێگەی شیعری درامییەوە توانراوە دوو ژانری سەربەخۆ بە یەكەوە گرێ بدات و ژانرێكی نوێ بەرهەمبهێنێت، بە شێوەیەك هەموو هونەرەكانی شیعر و كەرەستەكانی دراما لەخۆیدا هەڵبگرێت .

هاوشێوەی ئەدەبی ئەوروپی وشەی دراما لای عەرەبەكانیش زاراوەی تایبەتی بۆ دانراوە، كە زاراوەی (المسرحیة) بۆ شیعری درامی بەكاردەهێنرا و جیاواز بوو لە وشەی (المسرح) كە شوێنی نمایشكردنە و شوێنێكی واقیعییە. فارسەكانیش زاراوەكانی (تئاتر، نمایش، نمایشنامە) بەكاردەهێنن، جیاوازییان لە نێوان خودی چەمكەكاندا كردووە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم جیاوازییەی فارسەكان، نووسەر و توێژەرانی كورد ئەم بۆچوونەی فارسەكان دووپات دەكەنەوە بە پێویستبوونی جیاكردنەوەی زاراوەكانی وەك: (شانۆ، شانۆنامە، شانۆگەری) دەكەن لەیەكتر و دەڵێن ڕەوتی ئیشكردن لە هەرسێكیاندا جیاوازە و نابێ وەكو یەک بخرێنە یەک تاپی تەرازوو، چونكە یەكەمیان (شوێنی نمایشی شانۆیی) دەگرێتەوە، دووەمیشیان دەقە شانۆییەكانە، كە تەنها بۆ خوێندنەوە، یاخود بۆ نمایش دەنووسرێن، هەرچی سێیەمیانە گونجاوە بۆ ئەو تێكستانەی لەسەر تەختەی شانۆ پێشكەش دەكرێن(حسێن و مەولود، ٢٠١٨، ٣٥٢-٣٥٣). بەم پێیە بێت دەتوانرێت شیعری درامی وەک زاراوەی چوارەم لە پاڵ ئەم سێ زاراوەیەدا دابنرێت، چونكە شیعری درامی لە ڕووی شێوازی نووسین جیاوازە لە شانۆنامە و نووسەر، یاخود شاعیر لە پاڵ ڕەگەزەكانی شیعر سوود لە ڕەگەزەكانی دراما وەردەگرێت، چونكە ڕەگەزەكانی شیعر بنەما و كۆڵەكەی سەرەكی شیعری درامین.

### ٣.٢ چەمك و تایبەتمەندییەكانی شیعری درامی

شیعری درامی وەك یەكێك لە جۆرەكانی شیعر لە ڕووی هونەرییەوە خاوەن چەندین ڕەگەز و تایبەتمەندی هونەرییە، كە پێی دەناسرێتەوە،)) شیعری درامی بەشێوەی گفتوگۆ و دیالۆگ دادەڕێژرێت، جموجۆڵ و وزەی تێدایە و لە سەر تەختەی شانۆ پێشكەش دەكرێت((ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٩١). واتە شیعری درامی بریتییە لەو جۆرە

شیعرانەی، کە دەبێت شێوازی گفتوگۆی تێدا بەکاربێت، بۆ ئەوەی جۆرێک لە چالاکی و جوڵەی تێدا بێت تا بتوانرێت لە لایەن ئەکتەرانەوە نمایش بکرێت بۆ بینەران. لە پێناسەیەکی تردا شیعری درامی (( بریتییە لە شیعرێک، کە لەسەر بنەمای توخمە درامییەکانی وەکو ڕووداو و دیالۆگ و کەسایەتی و کات و شوێن دادەڕێژرێت، بەمەرجێک کەسایەتی شاعیرەکەی تێدا دەرنەکەوێت و لەزاری کەسایەتییەکانەوە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی دیاری بکات)) (حسێن و مەولود، ٢٠١٨، ٣٥٠). واتە شیعری درامی گشت ڕەگەزەکانی درامای تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە زمانی شیعر دەنووسرێت، یاخود بە واتایەکی تر سەرەڕای سوود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی شیعر وەکو زمانی شیعری و وێنەی شیعری...هتد وەکو بە شێکیش لە شانۆ سوودی لە توخمەکانی دراما وەرگرتووە .

شیعری درامی بە پێی بواری ئیشکردن و نووسینی لە لایەن شاعیرانەوە خۆی لەیەک قاڵب و جۆردا پیشان نادات، بەڵکو هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە بە سەر دوو جۆردا دابەش بووە:

یەکەم: تراژیدیا: جۆرە شیعرێکە بە وشەی بەهێز و ناخ هەژێن دەهۆنرێتەوە و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینێ و کۆتاییەکی خەمناکی هەیە.

دووەم: کۆمیدیا: بەمەبەستی ڕەخنەگرتنی کێشەکانی کۆمەڵگا و بە ئومێدی چارەسەرکردنیان لەچوارچێوەی دەقێکی تەنزئامێز دەنووسرێت، لە فۆرمێکی گاڵتەجاڕیدا دیاردەیەکی بێزراوی کۆمەڵگا دەوروژێنێت. (حسەین، ٢٠٠٧، ٦٠). بە پێی تێپەربوونی کات ئەم دوو جۆرە تێکەڵ دەکرێن، یاخود دەکرێت شیعری هاوچەرخمان هەبێت سەر بە هیچ یەکێك لەم دوو لقەی دراما نەبێت، لە هەمان کاتدا شیعری درامی لە چوارچێوەی دوو شێوە، یان فۆرم پێشکەش دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە ( ئۆپێرا و ئۆپەرێت). لە کۆتایدا دەکرێت بڵێن شیعری درامی تێکەڵەیەکە لە شیعر و دراما، لەڕووی شێوازی نووسینەوە بە شیعر دادەڕێژرێت و وەکو دەفرێکی شیعری ڕەگەزە درامییەکان هەڵدەگرێت و سێبەری شاعیر لە ناو دەقەکەدا ڕۆڵ دەگێرێت.

## ٥.٢ گرنگی شیعری درامی

شیعر بە شێوەیەکی گشتی و شیعری درامی هەروەك جۆرەکانی تر سوود و گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە خوارەوە بەشێك لە گرنگییەکانی دەخەینەڕوو، لەوانە:

1 .ئەرکی دراما دەبێت پەندەکانی ژیان بگرێتە خۆی وەکو زومێك بێت لە ناو کۆمەڵگە هەموو ئاژاوە و ناخۆشییەکان و گەندەڵییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازێکی درامی بخاتەڕوو(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨ ،٢٠). ئەرکی نووسەری دراما ئەوەیە پەیوەندیی هەموو خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەندێشە و خەیاڵیدا تێکهەڵکێشی بکات هەتا بە شێوازێکی ئەدەبی و ئیستاتیکی بیخاتەڕوو، کێشەکە وەك خوانێکی ئامادەکراوی لێ نەکات، بەڵکو لە پاڵ ئەوەوە چەندین ڕەهەندی تر لە خۆیەوە بگرێت.

2 .دراما بە شێوەیەکە، کە ئاسوودەیی بۆ دەروونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، چونکە لە ڕێگەیەوە ((مرۆڤ خۆی لە هەموو فشارە دەروونییەکان ڕزگار دەکا و لە ئەنجامی تێکەڵبوون لەگەڵ دیمەنە سەرنجڕاکێشەکان خۆی لە بیر دەکا و ئاڕاستەی دەروون و بیرکردنەوە هاوسەنگیەك وەردەگرێ))(عومەر، ٢٠٠٥، ٤٨). مرۆڤ کاتێك سەیری دیمەنەکان، یاخود خوێنەر، یان گوێبیستی ڕووداوەکانی دراما دەبێت هەستی ترس و بەزەیی بەرامبەری دەجوڵێت، لە ئەنجامدا ئەم جۆرە هەستانە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە پاك ببێتەوە. هەستی پەنگخواردووی دەروونی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چارەسەر بکات. هەر بۆیە مرۆڤ دوای سەیرکردنی دراما هەست بە خۆشی دەکات لە دەروونیدا.

3 .دراما ئەرکی ئاشکرا کردنی ژیانی خەڵکی بێت بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان، تاوەکو بینەر، یان خوێنەر بە هۆیەوە لە دەوروبەری خۆی بگات. دواجاریش بە هەست و بیر و سۆزیەوە بە سەریدا زاڵ بێت. ((کەواتە دەبێ ئەرکی دراما هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بێت و ببێتە هۆکارێك بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ڕۆژانە و دەوروبەری بۆ ئەوەی مرۆڤ درکی پێ ناکات بخرێتە زەینی ئەو دەردە کوشندانەی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە بخرێتە ڕوو، مرۆڤ پەندی لێوەربگرێت و هۆشیار بێتەوە))(عەبدوڵلا،٢٠٠٨، ١٩). واتە ناوەڕۆك و بابەتی شیعری درامی دەبێت لە چوارچێوەی بابەتەکانی واقیعی ژیانی خەڵك بێت. بە شێوەیەك بێ ئەوەی نووسەر زیادەڕەویی لە گەیاندنی پەیام و خستنەڕووی بابەتەکە بکات بیخاتەڕوو. ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ بە شێوەیەکی هونەری تێکەڵ بە واقیعی خۆی بێت ڕاستی و هەڵەی بابەتەکان بۆ ڕوون ببێتەوە، لە هەمانکاتدا پێویستە نووسەری دراما لەپاڵ خستنەڕووی بابەتەکان بە شێوەیەکی هونەری چارەسەر بۆ دیاردە و بابەتەکان بدۆزنەوە و لە ڕێگەیەوە بیخەنەڕوو. واتە لە پاڵ ئاشکراکردنی واقیع و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو بخەنەڕوو.

## ٣. سەرهەڵدانی شیعری درامی لە ئەدەبی کوردیدا

هونەرەکانی (ئەفسانە، حیکایەت، داستان، گۆرانی و هەڵپەڕکێ) هەر لە زەمانی زووەوە لە ناو ئەدەبی میللی کوردیدا بوونیان هەبووە و لە ناو ڕەگەز و بنەماکانی ئەم هونەرانەدا دراما خۆی حەشارداوە، چونکە دراما پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ژانرەکانی ترەوە هەیە و ژانرێکی دابڕاونییە. بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی شیعری درامی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چ وەکو لایەنی ئەدەبییەکەی، کە بریتییە لە دەقێکی شانۆیی نووسراو، یاخود وەکو لایەنی هونەرییەکەی کە نمایشکردن و نواندن وەکو بەشێکی پڕاکتیکی شیعری درامی ئاماژەی بۆ دەکرێت بە بەراورد بە ژانرەکانی تر درەنگ سەری هەڵداوە و تا سەرەتای سەدەی بیستەم شیعری درامی بە هەر دوو شێوەی (ئۆپێرا و ئۆپەرێت)، کە دوو فۆڕمی شیعری درامین بوونی نەبووە و شارەزایانی ئەدەبی کوردی پێی ئاشنانەبوونە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

١. بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆندا تا ڕادەیەکی زۆر داخراو و گۆشەگیر بووە و دوور بووە لە ڕوویەکی شارستانی، چونکە شیعری درامی ئەدەبی شارە و پێویستی بە شارستانیەتێکی بەرزە، لەو سەردەمەشدا کۆمەڵگای کوردی ژیانێکی لادێی هەبووە و پەیوەست بووە بە نەریتێکی کۆمەڵایەتی پتەو، هەربۆیە ئەو جۆرە نمایش و نواندنانە قبوڵ نەکراوبوون.

٢. شیعری کوردی ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کلتوری لە سەر شان بووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا ڕۆڵی گێڕاوە و تاکە زمانحاڵی ئەو سەردەمە بووە. (عەولا،٢٠١١، ٢٠٧)

٣. هەر دوو جۆری ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ڕێگەی سەما (دانس)ەوە ئەنجام دەدران، کە ئەمەش لە ناو کۆمەڵگەی کۆمەڵایەتی کوردیدا ڕێگەپێدراو نەبووە، هەر چەند هەر یەک لە هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک لە چوارچێوەی باوی کۆمەڵایەتی ئەو کات ئاماژەی پێدراوە، بەڵام نەبوونەتە هۆکاری دەرکەوتن و گەشەسەندنی هونەری دراما.

٤. شیعری درامی بە هەر دوو جۆری (ئۆپێرا و ئۆپەرێت) بەشێکن لە شانۆی گۆرانی ئامێز. درەنگ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆیی کوردی هۆکار بوو لە درەنگ هاتنەکایەی ئۆپێرا و ئۆپەرێت، چونکە کاتێک دەقێکی شانۆیی دەنووسرێت نمایش ناکرێت .

٥. نەبوونی شاعیر و نووسەری تایبەت بە بواری شانۆ و دراما لە سەردەمی کۆنی کوردیدا، بەڵکو زیاتر شاعیرانی تر بە پێی شارەزایی و رۆشنبیری خۆیان لە مەڕ ئەرکی هەستکردن بەو بەرپرسیارێتیە بە نووسینی دەقی شانۆیی هەستاون و ئەسپی خۆیان تاوداوە.

٦. ئۆپێرا هونەرێکی باڵایە و پێویستی بە هونەرمەندی تایبەت بووە، بەڵام لە بەر ئەوەی پیشەی گۆرانی گوتن هۆکاری بژێوی خەڵک نەبووە، هەر بۆیە گۆرانیبێژی ئۆپێرالیی بوونی نەبووە، بەڵکو زیاتر حەیران و لاوک لە لایەن کەسانی دەنگخۆشەوە دەگوتران بە بێ بەرامبەر. (حوسێن، ٢٠١٠، ٣٧٨-٣٧٩) واتە دراما هونەرێکی ئەوروپییە و لە دوای کرانەوەی کورد بەرووی دنیادا لە سەرتای سەدەی بیستەمدا هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە.

هەموو ئەو هۆکارانە و زەمینەی سیاسی و رۆشنبیری و ئابووری گونجاو نەبوون بۆ سەرهەڵدانی شیعری درامی بەو شێوە هونەرییە بەرزەی لە ئەوروپا هاتبووکایەوە، سەرباری ئەو هۆکارانە شاعیرانی کورد نەیانهێشت ئەدەبی کوردی لەو هونەرە بێبەش بێ و لە رووی نووسینی دەقی شانۆیی دەکرێ (پیرەمێرد) بە دەستپێکی نووسین دیاری بکرێت و دوای ئەویش (گۆران)ی شاعیر دێت، کە رۆڵێکی پڕ بایەخی لەو مەیدانەدا بینی و بە یەکەم شاعیری نووسینی دەقی شانۆیی دادەنرێت، کە توانی شوێنێکی دیار لە نێو شیعری درامی کوردیدا، چ وەکو دەقی وەرگێڕان، یاخود بەرهەمی خۆی داگیربکات. سەبارەت بە یەکەم هەوڵی شیعری درامی، (عزالدین مستەفا رەسوڵ) دەڵێت: ((ئەم بابەتە لە وێنەی دەمەتەقێدا لای بێکەسی شاعیر گرنگی پێدرا و پاشان سەلامی شاعیر لە وێنەی تەمسیلیدا بە زمانی ئاژەڵەوە لە زۆردار ئەدوا. شیعری شانۆگەری تا دەهات شێوەیەکی تازەی وەردەگرت بە تایبەتی لای گۆران لە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی) و (ئەنجامی یاران) و (ئاهەنگی ناو ڕان). گۆران گرنگییەکی چاکی بە نووسینی شیعری ئۆپێرا داوە. بە ئۆپێرای رۆژهەڵاتی سۆڤیەتی کاریگەر بوو و ئەم لایەنە بە سەریدا تێپەڕبووە، بە تایبەتی لە نووسینی (ئەنجامی ئەژدەهاک) پشتی بەو کارە هونەرییە بەستووە، کە شاعیری تاجیکی، یاخود فارسی (ئەبو قاسمی لاهوتی) نووسیویەتی، بەمە ئەتوانین گۆران بە یەکەم کاری هونەری نووسینی ئۆپەرێتی کوردی دابنێین)) (رەسوڵ، ١٩٨٩، ٩٦) بە پێی قسەی دکتۆر عزالدین، گۆران یەکەم شاعیرە، کە بەهرەی شاعیری خۆی لە نووسینی شیعری درامیدا تاقیکردۆتەوە و بۆشایی گەورەی نەبوونی دەقی شانۆیی بە شێوەیەکی هونەری بەرز پڕکردۆتەوە، بەڵام (مەحمود زامدار) پێیوایە یەکەم دەقی ئۆپەرێت، کە فۆرمێکی شیعری درامیە لە سەر دەستی (شێخ نووری شێخ ساڵح ) ساڵی (١٩٢٥) بە ناوی (ئینتیباه) لە دایکبوو، کە لەم بارەیەوە لە (گۆشەی دەنگێ) ی رۆژنامەی هاوکاریدا دەڵێت: ((لام وایە ئەمە یەکەم دەستپێشکەری و یەکەم ئۆپەرێتی کوردییە، کە بەشیعر نووسرابێتەوە)) هەر سەبارەت بەو دەقەی شێخ نووری بە هەمان شێوە (ئازاد عبدالواحید)یش لە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دیوانەکەی (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا جەخت لە سەر دەقی (ئینتیباه) دەکات و دەڵێت: ((ئەمە یەکەم دەستپێشخەرییە لە بزووتنەوەی هونەری ئۆپەرێتدا)) (حوسێن، ٢٠١٠، ٣٨٦-٣٨٧. ) . بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە تێکستی (ئینتیباه) یەکەم دەقی شیعری درامییە لە ئەدەبی کوردیدا .

## ٤ .ڕەگەزە بنیادنەرەکانی دراما لە کۆمەڵە شیعری ئۆپەرێت و پیەس لە یەك پەردەی کورتای گۆراندا

دەقی شیعری پێکهاتەیەکی پتەوی هەجۆر و هەمەلایەنی هەیە و چەندین ڕەگەزی سەرەکی و بنچینەیی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، تا بتوانێ قاڵبێکی بە رووکار جیاواز و بە ناوەڕۆک فرەڕەگەز دروست بکات، لەم پێناوەشدا هەموو بنەما دەرەکی و ناوەکییەکان بەشدار دەبن لەو چنینەدا، کە ئەم کارەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەهرە و توانا و ئەزموونی شاعیر، پاشان جۆری کارلێکی ڕەگەزەکان لەگەڵ یەکتر و میکانیزمی پراکتیزەکردنیانەوە هەیە. شیعری درامی، کە لە تێکەڵکردنی هەر دوو ژانری (شیعر و دراما) پێکهاتووە سیماکانی هەر دوو چەشنە ئەدەبییەکە تێکەڵاوی یەکتربوونە و لە بۆتەیەکی شیعریدا شیبوونەوە، هەر بۆیە ئەو فۆرمە تازەیە دروست بووە خاسیەتەکانی هەردووکیان تێیدا ڕەنگیداوەتەوە لە رووی رووخسار و ناوەڕۆکەوە. لە خوارەوە بەنموونەی شیعری گۆران سیماکانی دەرەوە و ناوەوەی شیعری درامی دەخەینەڕوو :

### ١.٤ ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی فۆرم-دراما لە کۆمەڵە شیعری ئۆپەرێت و پیەس لە یەك پەردەی کورتای گۆراندا

هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دراما لە ناو شیعردا لە رووی فۆرم و دیوی دەرەوە دەردەکەون و بەرجەستە دەبن، کە ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی شاعیر رۆڵی گرنگی تێدا دەبینێ، چونکە دراما جیاواز لە ژانرەکانی تر زیاتر بە ڕەگەزە ناوەکییەکانی دەناسرێتەوە. تایبەتمەندییە فۆرمییەکانیش ئەمانەن:

ڕەگەزی هەرە گرنگی هەر دەقێکی ئەدەبی ناونیشانە، رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ناساندن و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر. دەتوانین بڵێن ناونیشان ناسنامەی دەقە، زۆر جار ناوەڕۆکی دەقەکە لە ناونیشاندا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش لێهاتوویی شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشان دەردەخات. لە بارەی گرنگی ناونیشان دەوترێت: ((دەرگای تێکستەکان بە کلیلی ناونیشان دەکرێنەوە و ئەوەی لە ساتی یەکەمدا پێشوازی لە خوێنەر دەکات ناونیشانە))(سدیق، ٢٠٠٩، ٢٢) واتە خوێنەر لە ڕێی ناونیشانەوە دەتوانێت پێشبینی ناوەڕۆك و بابەتی دەقەکە بکات و بزانێت باس لە چی دەکات. هەروەکو گۆران لە (خۆزگەی هەژاران) دەڵێت:

ئەم کۆشکە، کۆشکی چوارپێی نەخۆشە،
بۆیە وا بەرزە و گەورەیە و خۆشە!
تفاقی و دەرزی و دەوا و دەستووری،
پڕ فەرشیی و پاکیی تەویلە و ژووری
مایەی حەسرەتی دووپێی هەژارە
کە دوکتۆر دەوای ناکا بێ پارە
سا خۆزگەی هەژار: بە گاجووتی بەگ،
بە ئەسپی ئاغا، بە تانجی، بە سەگ ! (گۆران، ١٣٨٩، ٢٨٤).

شاعیر لە ڕێگەی دانانی ئەم ناونیشانەوە ئامادەباشی بۆ خوێنەر دەکات کە دەیەوێت لە ناوەڕۆکی دەقدا باس لە چی بکات و چی بخاتە ڕوو. هەروەك دیارە باس لە خۆزگەی چینێکی کۆمەڵگە دەکات کە هەژارە. ناونیشانی شیعرەکە ڕاستەوخۆ لە ناوەڕۆکدا ڕەنگیداوەتەوە و باسی دیاردەی چینایەتی وەکو دەردێکی کۆمەڵگە دەکات و هەمیشە هەژاران لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەکو کەرەستەی بێ گیان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. هەژار چۆن لە ژیانیدا سەرەتاییترین کەرەستەی پێویستی ژیانی رۆژانەی ناتوانێت بە دەستی بهێنێت. بە هەمان شێوە لە (محاکەمەکەی مام چەوەندەر) ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی درامی دەقەکە. هەروەها سەختی و ئازار و نەهامەتی هەژار لە بەر نەبوونی و نەخۆشی و چەندین کێشەی تر کە رۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە کردوویەتیی بە هەوێنی دەق.

**زمانی شیعری :**

چەشنە ئەدەبییەکان بە پێی ئەو زمانەی تێیاندا بەکاردەهێنرێت جیاوازن لە یەکتر و بە زمانی دارشتنیانەوە جیادەکرێنەوە. ئەرستۆ لە بارەی گرنگی رەگەزی زمان دەڵێ: ((وشە لە ناو فەرهەنگی زماندا پەرت و بلاوە، هەموو کەس دەستی پێ رادەگا، بەڵام نووسەر و شاعیر دەتوانن بە شێوەیەکی داهێنەرانە وشە هەڵبژێرن و بە شێوەیەکی تایبەتی وشەکان رێکبخەن و زمانی درامی پێش هەموو شتێ دەبێ روون و ئاشکرابێ)) (گەردی، ٢٠١١، ١٥١). مەبەست ئەوەیە ئەو زمانەی شیعری درامی پێ دادەرێژرێت زمانێکی روون و بێ گرێ و گۆڵە و بینەر و خوێنەر بە ئاسانی لێی تێدەگات. گۆران لە ئۆپەرێتی (ماستاو)دا دەڵێت:

جێگام بەرزە و سەیرانگایە،
نزیک بەوپەڕی دنیایە...
بۆچ بچووکت گەورەمان ناکەی؟
چاوەروانیی من هەتاکەی؟
هەلاو ... هەلاو... رووناکی چاو! (گۆران، ١٣٨٩، ٢٧٣)

شاعیر لە ناونیشانی شیعرەکەوە تا ناوەرۆکی دەق بە زمانێکی سادە و ساکار دوور لە لێڵی و ئاڵۆزی بەکارهێناوە، کە لە ئاستی هەموو کەسێکدا هەیە لە پەیام و مەبەستی شاعیر بگات. زمانێکی روون و ساکاری بەکارهێناوە و دیاردەی ماستاوچێتی و خۆبردنە پێشەوەی وەکو نەخۆشییەکی کۆمەڵگەی لە رێگەی ئەو زمانە سادەوە دەربڕیووە. دیارە یەکێك لەو دیاردانەی کە لە نێو کۆمەڵگەدا باوە ئەویش بریتییە لەوەی کە کۆمەڵە خەڵکێك لە بەر بەرژەوەندی خۆیان و پەیداکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەیان دوور لە پێگە و بەها و مرۆڤبوونی خۆیان وەك کۆیلە و ژێردەستەی کەسانی باڵادەست خەریکی قسە و ئاخاوتنی بریق و باقن.

**مۆسیقا (ریتم)ی دەرەوە :**

رەگەزێکی گرنگی شیعری درامی رێتمی مۆسیقایە، کە (کێش و سەروا) دەگرێتەوە. دەقێکی درامی لە چوارچێوەی شیعردا دادەرێژرێت و سیمای هەر دوو ژانری (شیعر و دراما) تێکەڵ دەکرێن، جا هەندێ شاعیر کێشی خۆماڵی و سەروای جووت سەروا بەکاردەهێنن، هەندێکی ترکێشی تێکەڵ و سەروای ئازاد. گۆران لە ئۆپەرێت و شیعرە درامییەکانیدا کێشی خۆماڵی و جوت سەروا بەکارهێناوە، هەر وەک لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی ئەژدەهاک) دەڵێت:

کاوە:
جووڵە بە زستان ئەتەزێ
سەرما وە کوو مار ئەگەزێ!
تا گوڵاڵە دەشت سوور نەکا،
پیاو ئاسان خوار و ژوور نەکا،
دەستدانە شۆڕش گرانە،
لەم وڵاتی کوردستانە! (گۆران، ١٣٨٩، ٢٦٧)

لێرەدا گۆران بە سوود وەرگرتن لە کێشی خۆماڵی هەشت برگەیی، دێرە شیعرەکانی دارشتووە،لەهەمانکاتدا پەیرەوی جووت سەروای کردووە، هەر دوو نیو دێرێك یەك سەروای جیاواز لەوی دواتر هەیە، ئەمانە بە تەنیا نەبووەنەتە هۆی بەخشینی ئاوازێکی خۆش ، بەڵکو ئەو وشانەی کە لە نووسینی شیعرەکەیدا سوودی لێوەرگرتووە، لە رووی دەربڕینەوە هاو ئاوازن، واتە سوودی لە هونەرەکانی رەوانبێژی بە تایبەت هونەری جوانکاری (رەگەزدۆزی) وەرگرتووە، هەر وەك لە وشەکانی ( ئەتەزێ و ئەگەزێ)، (سوور و ژوور) دا دیارە.

**گۆرانی :**

یەکێکی تر لە رەگەزە فۆرمییەکانی شیعری درامی، لە سەر زاری کارەکتەرەکانەوە هەندێ جار بە شێوازی (گۆرانی) و، هەندێ جاری تریش بە کۆرس بە شێوازی (سروود) ئەنجام دەدرێت. ئەرستۆ گۆرانی بە رەگەزی دەرەکی دادەنێ و دەڵێت: (( شانۆگەری بۆ نواندن و گوتن دەنووسرێ، بۆیە دەبێ بایەخی زۆر بە لایەنی دەنگ و ئاوازی دەنگ و وشەکان بدرێ، هەر دێرێک شوێنی بەرز و نزم و شوێنی هێدیکردنەوە و خێرایی خۆی تێدایە، ئەمەش دەوری خۆی لە گەیاندنی مانا و کارکردنە سەر تەماشاکەران هەیە))(گەردی، ٢٠١١، ١٥١). گۆران لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران) هەر دوو جۆری (گۆرانی ، سروود)ی بە تاک و کۆرس بەکارهێناوە، وەک دەڵێت:

برزوو (لە سەر گۆرانیی خۆی ئەروا):
بەو دڵە کۆتێوە کە چوومە پێشتر،
داوای ئاوم کرد
بۆی روانیم بە نیگای ریشەی دڵکێشتر
دەستی بۆ جام برد (گۆران، ١٣٨٩، ٢٥٨)

یاخود لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

کۆرسی کوڕان:
لێرەدا دلدارێک ئەنوێ کش و مات
نەوجەوانێک بوو؛
نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات
یاری لە کیس چوو!
یەکەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمان
هەر لێرەش خۆی پێ کوشت دەردی بێ دەرمان (گۆران، ١٣٨٩، ٢٦٠)

### ٢.٤ رەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ناوەرۆك -دراما لە کۆمەڵەشیعری ئۆپەرێت و پیەس لە یەک پەردەی کورتای گۆراندا

شاعیر زۆر وەستایانە توانیویەتی رەگەزە ناوەکییەکانی دراما لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات و کاریگەری ئەو تایبەتمەندییانە وەکو کۆڵەکەی دەقێکی درامی بە شێوازی شیعری روون بکاتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**رووداوی درامی :**

کۆڵەکەی سەرەکییە لە پێکهاتەی شیعری درامیدا، هەموو دەقێکی درامی، کە بەمەبەستی پێشکەش کردن دەنووسرێت، ئەگەر رەگەزی رووداوی تێدا نەبێ ئەوا دەقێکی بە تاڵە و لە بازنەیەکی بۆشدا دەسورێتەوە. رووداو بە چەقی دارشتنی شیعری درامی دادەنرێت و بەهۆی ئەوەوە گشت توخمەکانی تریش بوونیان دەبێ و دەردەکەون، چونکە ئەگەر لە دەقێکدا رووداو هەبێ ئەوا (( پێویست بەوە دەکات، کە کەسایەتی هەبێ بۆ جێبەجێکردن و رۆڵگێرانیان لە وازیکردن و ئەنجامدانی رووداوەکان. کە رووداو و کەسایەتیت هەبوو، ئەوە پێویست دەکات شوێنیشت هەبێ و کارەکەی لە سەر ئەنجام بدەی، کە ئەو سێ رەگەزەشت هەبوو، ئەوا بەشێوەیەکی پێویست کات خۆی رەپێش دەکات)) (عەولا، ٢٠١١، ٣٢١). گۆران لە (ئەنجامی یاران) باس لە رووداوێکی تراژیدی دەکات، ئەویش خۆشەویستنی نێوان دوو مرۆڤی خوێن گەرم، بەڵام کوڕەکە کە ناوی (برزوو) لە پێناو بەرگریکردن لە خاك و نیشتیمان بۆ ماوەیەك

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp189-199

دووردەكەوێتەوە و خزمەت بە نەتەوەی دەكات. دوای گەڕانەوەی خۆشەویستەكەی لە بەر كلتوری نەتەوەكەی و دابو نەریتی باب و باپیرانی بە زۆر لە لایەن خێزانەكەیەوە ژن بە ژێبی پێدەكەن و دەبێتە قوربانی خێزان، هەر بۆیە لە كۆتاییدا بە بەیەكنەگەیشتن و مردن كۆتایی بە ڕووداوەكە دەهێنێت. هەروەك دەڵێت:

برزوو: هەی داپیر!دەخیلم، چییە خەبەرت؟

ئارامت بردم!

وەنەوش: ڕۆڵەكەم، كەڵكەڵەی مەنیج لە سەرت

دەربكە...

برزوو: مردم!

بێگومان مەنیجی نازدار مردووە

وەنەوش:نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی كردووە،

بۆ ماڵ و ژن بە ژن باوكی چرووكی

لە دێیەكی دوور

لە بەندی پیرێكی توند كرد بە بووكی،

ژاكا گوڵی سوور (گۆران،١٣٨٩، ٢٥٩_ ٢٦٠)

ئەگەر سەیری شانۆ و شیعرەكانی گۆران بكەین، ئەوا دەردەكەوێت ڕووداوەكانی بە شێوەیەكی توند و پتەو بە یەكەوە بەستۆتەوە. هەروەها ئەو ڕووداوە لاوەكیانەی كە باسی كردووە لە خزمەت پەرەسەندنی ڕووداوە سەرەكییەكەدایە. گۆران لە خستنەڕووی ڕووداوەكانی لە ڕووی ناوەڕۆكەوە ڕووی لەو بابەتانە كردووە، كە پەیوەندییان بە گەل و نەتەوەكەی هەیە، كێشەی چینایەتی و زوڵمی دەسەڵات و لایەنی سیاسی و كۆمەڵایەتی خستۆتەڕوو. بۆ نموونە گۆران لە (بازاری ئاسنگەران) پەیوەندی دەسەڵات و كەسانی چینی سەروو و دەست ڕۆیشتوو دەخاتەڕوو بەرامبەر بە چینی هەژار و كەم دەرامەت و بێ هێز، كە چۆن ژیان و گوزەرانیان پەیوەندی بە بڕیارەكانی چینی سەروو هەیە و بە پێی حەز و ویستی خۆیان ناتوانن هەڵسوكەوت بكەن. لە هەمانكاتدا ڕووداوەكان بە شێوەیەكی سادە لە دوای یەک خستۆتەڕوو، یاری بە بەشەكانی كات نەكردووە، بەڵام لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران) داكاتی گێڕانەوەی ڕووداوەكان هەندێكجار لە كاتی ئێستایە و هەندێكجار دەچێتەوە ڕابردوو هەروەكو دەڵێت:

برزوو:

دایە، پارچەتە بووم، چەتەی نیشتیمان

لە شاخ هاتمە خوار

لە سەر ئەم پلووسكە مەنیجی چاو جوان

تووش بووم یەكەمجار... (گۆران،١٣٨٩، ٢٥٨)

هەروەها هەندێك تایبەتمەندی تری بەكارهێنانی ڕووداو بریتییە لە بەكارهێنانی هەندێك زانیاری، كە لە نێوان كەوانەكاندا، یان كەوتۆتە پێش دیمەنی ڕووداوەكە، یان پاش دیمەنی ڕووداوەكە ئەمەش بۆ ئەوەی ڕووداو لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی تر بگوازێتەوە (عەبدالله،٢٠١٦، ١٦٣). ئەم جۆرە بەكارهێنانی زانیارییە لە نێوان دوو كەوانە لە ئۆپەرێتی (نق و جق) بە شێوەیەكی فراوان بەرچاو دەكەوێت، بە شێوەیەك لە پێش دیمەنی ڕووداوەكە بەكارهێناوە، هەروەكو دەڵێت:

هەژار( سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی نق):

-قوربان كارم؟

نق( بێ سەرهەڵبڕین):

-بە دەست نقە (گۆران،١٣٨٩، ٢٨١)

لە شوێنێكی تریشدا بەكارهێنانی ئەم زانیارییە بۆ دوای دیمەنی ڕووداوەكە بەكارهێناوە، هەروەك دەڵێت:

هەژار(لە بەرخۆیەوە):

-تەقیم... ورگم پڕبوو لە ڕق

بە دەنگی بەرز

داد، گەورەی نق! داد، گەورەی جق!

دەرگای مەعبێن كرایەوە، سەرەك بە دەموچاوێكی تووڕەوە سەری كێشا، نق و جق هەڵسانە سەرپێ

( گۆران،١٣٨٩، ٢٨٢)

جگە لەوەی لە سەرەتا و كۆتایی ڕووداوەكە ئەو زانیارییانەی خستۆتەڕوو، لە هەمانكاتدا ئەو ڕوونكردنەوەی بە شێوەیەكی سەربەخۆ لە ناو دووكەوانە لە بۆتەی دیمەنی ڕووداوەكە، واتە ڕووداوەكەی پارچە دەكات و لە ناو خودی ڕووداودا زانیاری و ڕوونكردنەوەی تایبەت بە دیمەنی ڕووداوەكە پیشان دەدات، هەروەكو دەڵێت:

هەژار:

-قوربان، مەئمووری نق، كارم،

عەرزوو حاڵەكەی پێرارم؟

نق( سەر هەڵئەبڕێ... قەڵەمەكەی دائەنێ... جگەرەیەك دا ئەگیرسێنێ...پاڵی لێ ئەداتەوە):

-كوڕە، كابرا، نەمووت بڕۆ

لای جقە عەرزو حاڵی تۆ؟!

هەژار:

-مەئمووری جق عەرزو حاڵم؟

هێند پرسیم كاول بوو ماڵم!

جق(هەمان دەستووری نق پاڵی لێ ئەداتەوە):

-كوڕە. كابرای بێ سەر و پێ،

نەموت لای نق بۆی بگەڕێ؟ (گۆران،١٣٨٩، ٢٨١)

بەم شێوەیە دەردەكەوێت گۆران زۆر لێهاتووانە توانیوویەتی لە یەك ئۆپەرێتدا گۆڕانكاری لە شێوازی خستنەڕووی جۆری زانیارییەكاندا بكات و بە یەك شێوە نەیخستۆتە ڕوو، ئەم زانیارییانەش بۆ بەردەوامی پێدانی ڕووداوەكان و ڕوونكردنەوەی زیاتر بەكارهێناوە، لە ڕێی بەكارهێنانی ئەم شێوازە توانیویەتی لە درێژدادڕی بە دوور بێت. گۆران لە ئۆپەرێتی ( ئەنجامی یاران)دا بە هۆی بەكارهێنانی ئەو زانیارییانەوە حاڵەتی دیمەنی ڕووداوەكان دەگۆڕێت، بەم شێوەیە:

لە هەمان جێگا، لە پاش هەفتەیەك لە سەر گلكۆی برزوو

كۆرسی كوڕان:

لێرەدا دڵدارێك ئەنوێ كش و مات

نەو جوانێك بوو،

نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات

یاری لە كیس چوو!

یەكەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمان

لە سەر گڵكۆی تەنیشتی ئەو

كۆرسی كچان:

ئەمەیە قیبلەگای تەوافی كچان:

گڵکۆی مەنیج جوان

بۆ دۆستی جوانە مەرگ وەفای خۆی نوان

ئەویش خۆی خنکان (گۆران،١٣٨٩ ، ٢٦٠)

شاعیر بە هۆی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لە نێوان کەوانەکاندان و کەوتووەتە پێش دیمەنی ڕووداوەکەوە بە بەکارهێنانی مۆنتاژی کات لە سەر ڕووداو، دیمەنی ڕووداو لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتیکی تر دەگوازێتەوە، ئەویش دیمەنی هەردوو کوڕ و کچەکەیە کە لە کۆتایی شانۆیەکەدا بڕیاری مردن دەدەن بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی پێدێت. ئەم جۆرە شێوازی بەکارهێنان و خستنەڕووی زانیارییانە زەمینە سازدەکات خوێنەر ئامادە دەکات، کە دیمەنی ڕووداوەکان گۆڕانکاری بە سەردادێت، بەڵام دیمەنی ڕووداوەکانی پێش ئەو زانیارییانەی ناو دوو کەوانە لەگەڵ دوای خۆی پەیوەندیان هەیە و تەواوکەری یەکترن. تایبەتمەندییەکی تری خستنەڕووی ڕووداو بریتییە لەوەی کە لە هەندێك شوێندا کۆڕس بە ناوی خۆیەوە ڕاستەوخۆ بەشداری گێڕانەوەی ڕووداو دەکات ئەمەش بۆ ئاستی تێگەیشتنی شاعیرلە ڕۆڵ و بەهای کۆڕس دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی گۆران لە ئۆپەرێتی ( ئەنجامی یاران)دا بە دوو شێواز بەکارییهێناوە جارێك کۆڕسی کوڕان و کچان بەجیا هەروەك دەڵێت:

کۆڕسی کوڕان:

لێرەدا دڵدارێك ئەنوێ کش و مات

نەوجوانێك بوو،

نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات....

کۆڕسی کچان:

ئەمەیە قیبلە گای تەوافی کچان:

گڵکۆی مەنیج جوان

بۆ دۆستی جوانە مەرگ وەفای خۆی نوان

ئەویش خۆی خنکان... (گۆران،١٣٨٩ ، ٢٦٠)

لە هەمان بەرهەمدا هەر دوو کۆڕسی بە تێکەڵی بەکارهێناوە و بەشدارن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە و کۆتایی پێدەهێنێت، هەروەکو دەڵێت:

هەردوو کۆڕس (بە تێکەڵی):

بێن کچان، بێن کوڕان، پەیمان ببەستن:

بۆ هێزی زۆرداری ملکەچ مەوەستین،

شەهیدانی عەشق

بکەین بە سەرمەشق

دڵداریی ڕاست و پاك ئامانجمان بێ گشت

یان بژین سەرفراز، یان بچین بە کوشت! (گۆران،١٣٨٩ ، ٢٦٠-٢٦١)

تایبەتمەندییەکی تری شێوازی خستنەڕووی ڕووداو لای گۆران بریتییە لەوەی، کە ڕووداوەکان هەندێکجار بە یەك بەش لە چوارچێوەی یەك پەردە پێشکەشکردووە، وەك لە ئۆپەرێتی (ماستاو، جۆڤی یونسکۆ، وڵاتی ئاوا)، لە ئۆپەرێتی (موحاکەمەکەی مام چەوەندەر) ڕووداو بە سەر دووبەش دابەش بووە، بە ژمارە بەشەکانی جیاکردۆتەوە، بەشی یەکەم موحاکەمە، بەشی دووەم بڕیار. بەم شێوەیە گۆران بایەخ و گرنگی بە ڕووداو داوە وەکو توخمێکی سەرەکی شیعری درامی مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

**ململانێ:**

ڕەگەزێکی تایبەتی شیعری دراميیە، وەکو هەناسەی شیعری درامی ئاماژەی بۆ دەکرێت، چونکە زیندوێتی بە دەق دەبەخشێت و زنجیرەی ڕووداوەکان درێژ و ئاڵۆز دەکات، ڕێگە نادات کۆی ڕووداوەکان بە یەک ئاڕاستەدا بڕۆن، چونکە ((ململانێ دەتوانێت دەست نیشانی چنینی دراماکە بکات))(خدر، ٢٠٠٦، ٤٥). ململانێ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوی دراميیەوە هەیە، لە بەر ئەوەی هەتا ڕووداوێک بوونی نەبێ نووسەر ناتوانێ ململانێ دروست بکات. ململانێی درامی بە زۆری لە دوو باردایە، یان ململانێیەکی دەرەکییە و لە نێوان (خێر و شەڕ، کۆن و نوێ، کارەکتەر ودەوروبەر، کارەکتەر و چینایەتی، کارەکتەر و ئاین، کارەکتەر و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، کارەکتەر و بیروباوەڕ)(خدر، ٢٠٠٦، ٥٣). بە ئاڕاستەی ئەو وشە و هەڵسوکەوتانەی ئەنجامی دەدەن، یاخود ململانێیەکی ناوەکییە و لە دەروونی تاکە کەسێکدایە، کە ئەمەش دەبێت بە دوو بەشەوە، بەشێکیان پەیوەست دەبێت بە لایەنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەوە، بەشەکەی تریان پەیوەستە بە ململانێی سۆزی تاک. گۆران لە (نق و جق) ئاماژە بە ململانێی نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار دەکات، هەروەك دەڵێت:

سەرەك: چیە کابرای قڕکەر؟

جق:گەورەم، لێیان تێك ئەدا سەر!

هەژار:قوربان!عەرز و حاڵی پێرار!

سەرەك: هەی قوزەڵقورت!هەی زەهری مار!

پەلە لە کار بەدەست ئەکەی؟

لە نق و جق سەر تێك ئەدەی؟

هەژار:قوربان، پەلەم نەکردووە!

سەرەك: بۆ عەرز و حاڵ دوو ساڵ زووە!

بۆچی ئێرە خوەخانەیە؟

یا جقخانەی شاهانەیە؟! (گۆران،١٣٨٩، ٢٨٢)

گۆران لێرەدا دیمەنێك لە نێو فەرمانگەیەکی حکومی وێنا دەکات، کە چۆن فەرمانبەرەکان کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەژار لە کاتی خۆی تەواو ناکەن و ئاستەنگی دەخەنە ئیش و کارەکانیان، کاتێك پرسیاری تەواوبوونی کارەکانیان لێدەکەن خەڵك بە تاوانبار دەزانن. واتە چینی هەژار داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن بۆیان جێبەجێ ناکەن، وەک دیارە باری ململانێیەکە دەرەکییە و لە نێوان کارەکتەر و چینایەتیدایە و ئەو جیاوازییە بەشێوەیەکی درامی لە چوارچێوەی شیعردا دەخاتەڕوو .

**کەسایەتی :**

ڕەگەزێکە کرۆکی شیعری درامی پێکدەهێنێت بە هاوبەشی لەگەڵ بنەمای ڕووداو. بەرهەمهێنانی دراماییەکی تەواو لە ئەستۆی کەسایەتیدایە، چونکە ((بە بێ بوونی پاڵەوان دەقێکی درامی لە دایک نابێت بە تایبەتی لەو دەقە دراميانەی کە پشت بە دەرکەوتنی یەک کارەکتەر دەبەستێ))(خدر، ٢٠٠٦، ١٥). واتا کەسایەتی ئەو پێناسەیەی شیعری درامی تەواو پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەوترێت شیعری درامی بریتیە لە کار و جووڵە. گۆرانی شاعیر بایەخێکی زۆری بە ڕەگەزی کەسایەتی داوە لە شیعرە دراميیەکانیدا و هەوڵی داوە بە باکگراوندی جۆراوجۆرەوە کەسایەتییەکان بخاتەڕوو، بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکانی ڕاستەوخۆ سودی لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی بینیووە. لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران) ڕەهەند و وردەکاری کەسایەتی (برزوو) وەکو شاکەسی دەق لە ڕێگەی دیالۆگی لەگەڵ دایکیدا بۆ ڕوون دەکاتەوە، وەک دەڵێت :

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp189-199

دایە، پار چەتە بووم، چەتەی نیشتمان
لە شاخ هاتمە خوار
لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاوجوان
تووش بووم یەکەمجار
بۆم ڕوانی ... بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش
سەر کوڵمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش! (گۆران، ١٣٨٩، ٢٥٨)

شاعیر زیرەکانە بە هۆی ڕەمزەوە هەر دوو لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێی کەسایەتی (برزوو) باس دەکات، بەوەی کە (برزوو) خاوەن بیروباوەڕی سیاسی خۆیەتی، لە هەمانکاتدا دەکەوێتە خۆشەویستی (مەنیج) و دژی نەریتی کۆمەڵایەتی کوردی دەوەستێتەوە و شاعیر خۆشەویستی خاک و نیشتمانی تێکەڵ بە یەک کردووە. (چەتەی نیشتمان) مەبەست لە بەرگریکارانی خاکە لە پێناو ئازادی نیشتمان. (برزوو) کەسایەتیەکی تەوەرەیی و جوڵاوە و هەموو دەقەکە لە دەوری باسکردنی خەسڵەتەکانی ئەو و خۆشەیستەکەی (مەنیج) دەسوڕێتەوە، کە بوونێکی فیزیکی هەیە. لەم دەقەدا گۆران لەڕێی فرە ڕەهەندی کەسایەتیەکانەوە وێنەی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەنەخشێنێ، لێرەدا (برزوو) خاوەن بیر و باوەڕی خۆیەتی لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە، چونکە کەسایەتی برزوو لە ڕووی پێشەوە پێشمەرگەیە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دژی ئەو بیر و باوەڕەیە کە لە کۆمەڵگادا باوە، هەر بۆیە خەبات دەکات لە پێناو ئازادکردنی نەتەوەکەی. شاعیر لێرەدا زیرەکانە دوو ڕەهەندی بە یەك بەستۆتەوە ئەویش ڕەهەندی سیاسی و خۆشویستنی نەتەوە لەگەڵ ڕەهەندی خۆشەویستی ڕەگەزی مێ. خستنەڕووی ئەم کەسایەتیانەش هەڵبەتە بۆ وروژاندنی هەست و سۆز بەرامبەر ئەو دوو خۆشەویستە لەگەڵ ڕق و کینە بەرامبەر ئەو دابونەریتەی کە ڕۆژانە چەندین کەسی بێ تاوان دەبنە قوربانی ئەو دابونەریتەی کە لە کۆمەڵگەدا باوە و هەیە.

گۆران لە ئۆپەرێتی (ئەنجاکی ئەژدەهاك و بازاڕی ئاسنگەران) کەسایەتی مێژوویی هێناوە کردوویەتی بە بنیاتی دەقەکە. ناوەڕۆکی بابەتەکە باس لە نەورۆز دەکات. کەسایەتی سەرەکی کاوەی ئاسنگەرە، شاعیر بە سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە دووبارە کەسایەتی و ڕووداوی تر بنیات دەنێت. لەوانە کاوەی ئاسنگەر بە پێی ئەم دەقە کەسایەتییەکی زیرەك و لێهاتووە، وەك ڕابەری گەلەکەی خەریکی بەڕێوەبردن و پلاندانانە بەرامبەر بە زوڵم و ستەمی بەرامبەریان دەکرێت. لە هەمانکاتدا کەسایەتییەکان هێز و بوێریان پێ بەخشراوە بێ جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی مرۆڤ لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بکەن بە قوربانی یەکتر.

بەو پێیەی کەسایەتی توخمێکی گرنگی درامایە، شاعیر بە شێوەیەکی ڕوون و دیار پێگە و ڕۆڵی کەسایەتییەکانی خستۆتەڕوو. زۆرجار شاعیر ناوێکی سەربەخۆی داوە بە کەسایەتییەکان کە سیفەت و پێگە و ڕۆڵی کەسایەتییەکان دەردەخات، وەك (برزوو، وەنەوش، کاوە، هەژار). هەندێکجاریش بە گشتی ناویان دەبات یان نازناو و سیفەتی کەسایەتییەکان دەکات بە ناوی کەسایەتییەکان، وەك (سەرەك، پرۆفیسۆر، کچە مامۆستای گۆرانیبێژ، هەموو، کچان، جارچی). گۆران زۆرجار کەسایەتیەکان لە ڕووداوی مێژوویی دروستکردووە، وەك کەسایەتی کاوە لە ئۆپەرێتی بازاڕی ئاسنگەران. هەندێکجاریش کەسایەتییەکانی لە شتی بێگیان دروستکردووە، وەك کەسایەتی مام چەوەندەر لە ئۆپەرێتی موحاکەمەکەی مام چەوەندەر.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت گۆران لە هەموو چین و بوارێکدا کەسایەتی جیاوازی هەڵێنجاوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی هەمە جۆر بکەن و هەریەکەیان نوێنەرایەتی چینێك دەکەن. گۆران زیاتر شێوازی بیر و بۆچوون و تێڕوانین و ناخ و دەروونی کەسایەتییەکان دەخاتەڕوو کەمتر بایەخی بە ڕووخسار و خستنەڕووی لایەنی شێوەی کەسایەتییەکان داوە.

**کات :**

ڕەگەزێکی گرنگی شیعری درامییە و شاعیر مامەڵەیەکی ئیستاتیکی و هونەری لەگەڵ دەکات. کات بەوە دەناسرێت، کە ((بەشێکە لە پێکهاتەکانی تەکنیک و لە ڕێیەوە شوناسی زەمەنی ڕووداو، کارەکتەر و ڕەگەزەکانی تر بە دیار دەکەون. کات بوونێکە لە دەستی نووسەردا ئەو لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەیگونجێنێ، خودێکی گوزارشتکار نییە، تا بچێتە ڕیزی ناوەڕۆکەوە، بابەت لەگەڵ خۆی بێنێ و بیرۆکەیەک ڕابگەیەنێ، بە هێندەی ئەوەی دروستکراوێکە لەنێو دەقدا بۆ فەراهەمبوونی سەرجەم پێکهاتەکانی ڕووداو)) (عەولا، ٢٠١١، ٣٥٦). کاتی هەموو ڕووداوێک بە سێ جووڵەی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) هاتووچۆ دەکات و زنجیرەیی ڕووداوەکان بە پێی جووڵەکان جیاواز دەبن. بە گشتی کاتی شیعری درامی بە سێ شێوە دەردەکەوێت: کاتی (ناوەوەی دەق( کە کاتێکی فیزیکی بەرجەستەکراوە لە ناو دەقدا و کاتێکە هەستپێکراوە لە سەرەتای ڕووداو دەست پێدەکات، هەروەها (کاتی دەرەوەی دەق) : ئەو کاتە دەگرێتەوە کە ڕووداو لە ناو دەقدا لە کاتێکی ئێستادایە و هەنگا و بەرە و کاتی ڕابردوو، یان داهاتووە، دەبێت بە هۆی تەکنیکی فلاشباك دەگەڕێتەوە دواوە. ئەو وشانەی کە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەم جۆرە کاتە بەکاردەهێنێت بریتین لە: (پار پێرار...هتد). لە ڕێگای فلاشباکەوە ئاماژە بە کات دەکات، هەروەك دەڵێت :

نابینم وەکوو پار لە بەر پلووسکا
ئاو بدا بە کوڵمی نەرم و ناسکا! (گۆران،١٣٨٩، ٢٥٧)

یان دەڵێت:

لە هەمان جێگا، لە پاش هەفتەیەك. لە سەر گلکۆی برزوو! (گۆران،١٣٨٩، ٢٦٠)

لێرەدا وشەکانی (پار، هەفتەیەك) وەك دەستەواژەی کات بەکارییهێناوە، لە ڕێگەی فلاشباکەوە دەگەڕێتەوە سەردەمێك لە کاتی ڕابردوو و بەردەوامی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدات. زۆرجار شاعیر ڕاستەوخۆ وشە و دەستەواژەی کات بەکارناهێنێت، بەڵکو لە ڕێگای گفتوگۆی کەسایەتییەکان کاتەکە ڕوون دەبێتەوە، هەروەك گۆران لە ئۆپەرێتی (ماستاو)دا دەڵێت :

ئا: تەلەفۆنی ئەم سەر: ئاغا لە هاوینەهەواری کوێستان
ب: تەلەفۆنی ئەوسەر، کاربەدەستێك لە باڵیۆزخانەیەك (گۆران،١٣٨٩، ٢٧٣)

لێرەدا هیچ وشە و دەستەواژەیەك بەکارنەهاتووە کە ئاماژەبێت بۆ کات، بەڵام لەڕێی گفتوگۆی نێوان (ئا، ب) ڕوون دەبێتەوە، کە لە کاتی ئێستادا دایە و وەرزی هاوینە. چونکە هاوینەهەواری کوێستان ئاماژەیە بۆ یەکێك لە وەرزەکانی ساڵ کە هاوینە. هەروەها لە ئۆپەرێتی (جۆقی یونسکۆ) دەڵێت:

کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:

(گاف) بۆ گۆشتە و (پێ) بۆ پڵاو
نەك نایخۆن، نایبینن بە چاو
تەرلای لای لام، تەرلای لای لام
دوایی هات دەرسی ئەلفبام! (گۆران،١٣٨٩، ٢٧٧)

وشەکانی (دوایی هات دەسی ئەلفبام) ئەوە دەردەخات کە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ، وەرزی خوێندنە، واتە کات لەم کۆپلەیەدا کاتی سروشتیە، جا لەبەرئەوەی باسی کۆتایی هاتن و نەمانی خوێندن دەکات دەگونجێ وەرزی هاوین بێت .

گۆران بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی کات لەناو توخمەکانی درامادا جۆری کاتی دەقی دیاریکردووە و ئاماژەی بە زەمەنی ڕووداوەکان کردووە، وەک لە (جق و نق) دا دەڵێت :

هەژار:

ــقوربان، مەئموری نق، کارم،

عەرزوحاڵەکەی پێرارم؟ (گۆران، ١٣٨٩، ٢٨١)

ئاماژەدان بە وشەی (پێرار) کە یەکەیەکی کاتە، زەمەنی پێشکەشکردنی داواکاری (هەژار) دەخاتەڕوو، کە ئێستایە و بەرەو ڕابردوو دەمانباتەوە. پێرار واتە دوو ساڵ پێشتر دەگەیەنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەگۆڕانی بارودۆخ و ژیانی کەسایەتی هەژار، واتە چینی هەژار لە ناو کۆمەڵگەدا تەنیا بە ڕێکردنی ژمارەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵن، هیچ گۆڕانکارییەك و بەرەوپێشچوونێك لە ژیانیاندا ڕوونادات. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەستڕۆیشتوویی کەسانی خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵاتمان بۆ ئاشکرا دەکات، یاخود لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی ئەژدەهاک)دا دەڵێت:

کاوە: بە ئاسنگەرە هەڵچووەکان

براکانم! ئەمرۆ ڕۆژی دان بە خۆداگرتنە

ڕاپەرینێک بێ وادە بێ هۆی ئێجگاری مردنە

لەم کاتەدا خزمەت تەنیا بێ وچان ئیشکردنە،

بۆ ڕۆژی خۆی چەکی زۆر و تفاقی زۆر خستنە (گۆران، ١٣٨٩، ٢٦٨)

دەستەواژەی (ئەمرۆ)ش یەکەیەکی کاتە و زەمەنی دیاریکردنی ڕاپەرین دژی زۆرداری ئاشکرا دەکات، واتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەر ئیش و کارێك بتەوێت بیکەیت نەیخەیتە بەیانی لە ئەمرۆ دەست پێبکە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی لە داهاتوویەکی نزیك بە دەست بهێنێت. لە هەمانکاتدا لە ڕێگەیەوە ناوەڕۆکی زۆرداری و چەوساندنەوە باسدەکات. پێویستە لە سەر چینی هەژار و بێدەسەڵات بەرامبەر زوڵم و زۆرداری چینی دەسەڵاتدار ڕاپەڕین ئەنجام بدەن.

**شوێن :**

یەکێک لە مەبەستەکانی شیعری درامی نمایشکردنە، ئەم کارەش لە (ماڵ ، شەقام ، قوتابخانە ، بازاڕ ، هۆڵی دادگا ، فەرمانگە ..هتد) ئەنجامدەدرێت و بە هەموو ئەمانە دەوترێت شوێن. هەر بۆیە شوێن ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعری درامییە، ڕووبەرێکە ڕووداوەکانی تێدا ئەنجامدەدرێن. شوێن و بابەت پەیوەندییەکی یەکانگیریان پێکەوە هەیە و یەکتر تەواو دەکەن، چونکە ((هەموو ڕووداوێک ڕوودەدات، بەڵام بێ بوونی شوێن ڕوونادات)) (خدر، ٢٠٠٦، ٣٤) نووسەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دانان و دیاریکردنی شوێندا؛ لەبەرئەوەی (زیاتر ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرێت کە لەزەین و فکریدا ڕەگیان داکوتاوە، بەمەش شوێن دەبێتە بەرجەستەکەری بیری نووسەر) (حەمە: ٢٠٢٣، ٦٣) گۆران بە گرنگییەوە ئەم توخمەی هاوشێوەی ئەوانی تر بەکارهێناوە لەو شوێنەی پێویستبووە ئاماژەی پێبکات دیاریکردووە، هەر بۆیە شێوەی بەکارهێنانی ڕەگەزی شوێن بە چەند شێوازێك دەبینرێت، لەوانە زۆر جار گۆران ناونیشانی ئۆپەریتەکەی ئاماژە بۆ شوێن دەکات، وەك لە ئۆپەرێتی (موحاکەمەی مام چەوەندەر) ئەم جۆرە ناونیشانە ئەوە دەردەخات کە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان دادگایە. بە هەمان شێوە ئۆپەرێتی (بازاڕی ئاسنگەران) ئاماژەن بۆ شوێنی ڕوودانی ڕووداو. شێوازێکی تری بەکارهێنانی شوێن ئەوەیە، کە لە دوای ناونیشانی ئۆپەرێت ئاماژە بە شوێن دەکات وەك لە ئۆپەرێتی ( ئەنجامی یاران) دا دەڵێت:

شوێن: سەرچاوەیەك لە بن سێبەری کۆمەڵە درەختێکا، لە دێیەکی بنار شاخ پلووسکێکی دارین لە کەڵەکە بەردێکی بەرزەوە ئاوێکی زۆری لێ دێتە خوار (گۆران،١٣٨٩، ٢٥٧)

لە ئۆپەرێتی (جۆقی یونسکۆ)دا دەڵێت:

شوێن: دێیەکی ناوشاخ (گۆران،١٣٨٩، ٢٦٧)

شوێنی لادێیەکەی دوورە شار کە کەوتۆتە ناو چیا و شاخەوە. هەروەها شێوازێکی تر ئەوەیە شوێن لەگەڵ ناوی کەسایەتییەکان ئاماژەی پێدراوە و هاتووە، بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (ئاهەنگێک لە ناو ڕان) وەک دەڵێت:

ڕێبوار بە لای ڕانا تێئەپەڕێ نزیک بە مێرگی بەهار (گۆران، ١٣٨٩، ٦٧)

بەم شێوەیە گۆران لە ئۆپەرێتەکاندا زیاتر گرنگی بە ڕەگەزی شوێن داوە، هەروەها لە ڕووی جۆرەوە شوێنی گشتی و کراوەن، لە هەموو ئۆپەرێتەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و دیاریکراو، یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە شوێن کردووە لە دوای ناونیشانی ئۆپەرێتدا .

**گفتوگۆ :**

ڕەگەزێکە بە ناسنامەی شیعری درامی دەسنیشاندەکرێت. گفتوگۆ چەند سیفاتێکی گرنگی هەیە وەک ((کەمکردنەوەی وشەکان و دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی زمان و جوانکارییە ڕەوانبێژییەکان، ڕێنوێنکردنی خودی کەسەکان و کەشەپێدانی کەسایەتی و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکان، هاوکاریکردن لە سەر زانینی کاری درامی و شیکارکردنی هۆکارەکان و بردنی بەرەو کۆتایی)) (ڕەئوف، ٢٠١١، ١٣٦) بە گشتی گفتوگۆ دەکرێت بە دوو جۆر:

**دیالۆگ:** بنەمایەکە بە بڕبڕەی پشتی دراما ناسراوە، چونکە ((کە ناوی دراما دەبیسی یەکسەر یادی دیالۆگ لە مێشکدا شەپۆل دەدات، چونکە دیالۆگ دەسترازە و کەرەسەی سەرەکی ڕووداوەکان نیشاندەری ڕەنگ و ڕوخسار و نێونیگای کەسیەتی کەسەکانی درامایە)) (هەورامی، ٢٠٠١، ٣٠)، کەواتە هونەری شانۆگەری واتا دیالۆگ. شێوازی خستنەڕووی دیالۆگەکان لای گۆران بە چەند جۆرێکە لەوانە: کەسایەتییەکان ڕاستەوخۆ دیالۆگ دەکەن، هەروەك لە ئۆپەرێتی (کاوەی ئاسنگەر)دا دەڵێت:

کاوە:

جووڵە بە زستان ئەتەزێ

سەرما وەکوو مار ئەگەزێ!

تا گوڵاڵە دەشت سوور ئەکا، ...

کرماییل:

ئەی کە پێیان نایە بەهار؟ (گۆران،١٣٨٩، ٢٦٧)

شێوازێکی تری خستنەڕووی دیالۆگەکان بریتییە لەوەی کە ناوی کەسایەتییەکان نایەت و ڕاستەوخۆ دیالۆگەکە دەکرێ، بەڵام لە ڕێگەی دیالۆگەکانەوە دەزانرێت کێ قسەدەکات و کێ گوێ دەگرێت، وەك لە ئۆپەرێتی (موحاکەمەکەی مام چەوەندەر)دا دەڵێت:

موحاکەمە

-ناوت چییە؟

-مام چەوەندەر

-لە کوێوە دێی؟

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp189-199

-لە دەشت و دەر          (گۆران،١٣٨٩ ،٢٧٩)

لە هەندێك شێوازی دیالۆگەکانیشدا ناوی ئەو کەسە دەهێنرێت کە دیالۆگەکەی ئاڕاستە دەکرێت، هەروەك لە ئۆپەرێتی (نق و جق)دا دەڵێت:

هەژار (سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی نق):
-قوربان کارم؟
نق ( بێ سەرهەڵبڕین):
-بە دەست جقە.
هەژار (سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی جق):
-قوربان کارم؟
جق (بێ سەرهەڵبڕین):
-بە دەست نقە. ( گۆران، ١٣٨٩ ،٢٨١)

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە یاریی بە شێوازی دیالۆگەکانیش کردووە و بۆ ئەوەی خوێنەر، یاخود بینەر بێزار نەبێت لە شانۆیەکە و شێوازێکی هونەریی جوان بە دەقەکە بەخشێت بە هەمان ڕیتم نەیخستوتەڕوو.

**مەنەلۆگ:** کۆمەڵە قسەیەکە لە ناخ و دەروونێکی شڵەژاو دێتە دەرێ ، هەندێکجاریش لە ئەنجامی دڵخۆشییە و ئەرکی گەیاندنی زانیارییە، کاتێک دیالۆگ لە بەرامبەر دۆخێکی دیاریکراو دەستەوسان بوو، ئەوا ((مەنەلۆگ لەو کاتەدا لە دایک دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگخواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرکە بکات)) (عەولا، ٢٠١١، ٣٨٨). واتا کاتێک ناخی کارەکتەر ئاڵۆز بوو دروستکردن و بەکارهێنانی مەنەلۆگ لە سەر شاعیر پێویست دەبێ. گۆرانی شاعیر بۆ یەکەمجار تەکنیکی مەنەلۆگی لە ناو شیعردا ئاماژە پێداوە، بە بەکارهێنانی وشەی (لەبەرخۆیەوە) وەک لە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)دا دەڵێت:

کوڕ ( ئەڕوا و لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ):
باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە
خێڵی دوژمن دەورەی داوە
ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە
ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!   (گۆران، ١٣٨٩، ٤٧ _ ٤٨)

هەروەها لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا دەڵێت:

وەنەوش (لەبەر خۆیەوە):
ڕووخۆشی و شەرم و ناز تێکەڵ پێشاندان
هەر شیاوی خۆتە ئەی مەنیجی جوان!    (گۆران، ١٣٨٩، ٢٥٨)

**داڕشتن (چنین):**

داڕشتن بریتییە لە نەخشەیەکی وردی شێوە تەونی جاڵجاڵۆکەیی، چونکە پێویستە ڕووداوەکان زۆر بە وردی و پوختی ئاوێزانی یەکتر بکرێن، هەر بۆیە چنین بە ڕۆحی پەیکەری دراما دادەنرێت. ئەرستۆ چنین لە هەموو بەشەکانی تر بە گرنگتر دادەنێ و دەڵێ: ((چنین لە کردەوە و بیرکردنەوە و هەست و نەستی کەسەکان دروست دەبێ، هەموو شانۆگەرییەک چنینی هەیە بەو مانایەی، کە چنین ڕیزە ڕووداوێکە بە پەیوەندی هۆ و ئەنجام بە یەکەوە بەسراوەتەوە))(گەردی، ٢٠١١. ١٥٠). گۆرانی شاعیر لە دەقی (شیوەنی دارستان)دا دەڵێت:

ئەم کۆشک و دەزگایە کە پۆشتەی تفاقە
بێگانە ئەیگێڕێ و بە ناو هی عیراقە...
کەس نەبوو عیراقی کە هێندە دانا بێ:
بزانێ شاخ نابێ دارستانی تیا بێ!
ناچار بووین هێنامان پسپۆڕی بێگانە،
بە زانست سووتاندی ئەم دارستانانە،
هەمووی کرد بە خەڵووز، پێشکەشی ئاغای کرد
ئاغاشمان بە دیاری بۆ پاشای بەغای برد...
ئێستاکە ئێمەین و شاخێکی وەک کەچەڵ،
با هەر بەین بە سەرا قوڕی خەست بە تۆپەڵ!
(گۆران، ١٣٨٩، ٢٧٢)

شاعیر زۆر جوان بابەتەکانی (بێگانەپەرستی، نەزانی و نەخوێندەواری، سەردەمی ئاغایەتی، هەژاری و بێ دەسەڵاتی چینی خوارەوە)ی پێکەوە چنیووە و لە پێنج دێڕی شیعریدا مەبەستێکی گەورەی گەیاندووە و کۆمەڵێک دیاردەی بێزراوی پێکەوە گرێداوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە چەند ئەنجامێك کە لە خوارەوە خراونەتەڕوو:

١. گۆران وەك شاعیرێکی بە ئەزموون و لێهاتوو شارەزایی لە جۆرەکانی ژانری ئەدەبی هەبووە، هەر بۆیە زۆر بە جوانی ڕەگەزەکانی ژانرە ئەدەبییەکانی تێکەڵکردووە و سوودی لێیان وەرگرتووە، لەوانەش ژانری دراما.

٢. ڕەگەزەکانی (کەسایەتی، شوێن، کات، ڕووداو، گفتوگۆ، داڕشتن، ململانێ) لە نێو ( لە کۆمەڵە شیعری (ئۆپەریت و پیەس لە یەك پەردەی کورتا)دا بەرچاو دەکەوێت،کە بە شێوازێکی هونەری بەرز بەکارهاتوون.

٣. لە شیعرەکانی (موحاکەمەی مام چەوەندەر ، نق و جق ، بازاڕی ئاسنگەران ، ماستاو، خۆزگەی هەژار) ناونیشان لە ناوەڕۆکدا ڕەنگیداوەتەوە.

٤. شیعرەکان بە زمانێکی سادە و ساکار دوور لە ئاڵۆزی و تەمومژی خستۆتە ڕوو، کە ئەمەش لە بواری درامادا دەبێت ئەو وشانەی کە بەکاریدەهێنن لە ئاست تێگەیشتنی هەموو کەسێکدا بێت.

## سەرچاوەکان:

بێکەس، شێرکۆ،( ٢٠٠٦)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی شەشەم، کوردستان.

حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر،( ٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین" دا (١٩٣٢- ١٩٥٠)، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

حسێن ، سەنگەر نازم و مەولود، و ڕێزان سالح،( ٢٠١٨)، ژانرە ئەدەبییەکان، بەرگی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

حوسێن، هیمداد ،(٢٠١٠)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر.

ڕەسوڵ، شوکریە،( ١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلیم العالی، هەولێر.

ڕەئوف، لوقمان،( ٢٠١١)، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ- سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی، چاپخانەی بینایی.

سدیق، ئارام،( ٢٠٠٩)، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عومەر، موحسین ئەحمەد،(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی،بەرگی١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.

عومەر، موحسین ئەحمەد،(٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی .

عەولا، عەبدوڵلا ڕەحمان،( ٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا- باشووری کوردستان (١٩٢٥- ١٩٦١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

گەردی، عەزیز،( ٢٠١١)، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، چاپی دووەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.

گۆران، عەبدوڵلا،( ١٣٨٩)، دیوانی گۆران، چاپی چوارەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران.

هەورامی، حەمە کەریم،( ٢٠٠١)، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حەمە، ئەڤین ئاسۆس،( ٢٠٢٣)، ئاوێتەبوونی ژانرەئەدەبیەکان لە شیعری شێرکۆبێکەسدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

حەسەن ، یاسین ڕەشید ،(٢٠٠٤)، ناوەرۆك و تەکنیکی درامای کوردی ١٩٩١-٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

خدر، پەروین عەبدوڵلا،( ٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە.

عبداللە، شەیدا باسم،( ٢٠١٦)، ئەزموونی عەبدولرەزاق بیمار، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی قەلادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.